# مێژو نوسی قوطبی و چەواشەکاری بۆ کام ستراتژی

ئاریس زارەعی

هەر کەس کە تەنها تۆزێک بە خەم و بە دەربەست بێت بە نیسبەت ژیان و مافی جەماوەری کوردستان و ئەو ژیان و دۆخە پر لە چەوسانەوە و ستەمە کە تێیدا دەبەنە سەر و رەوتی خەبات و موبارزە یان چاو لێ بکات، ئیتر پێویست ناکات کە من لە سەر ئەم مێژو و بزوتنەوەیە و برینی هەورازو نەشێوەکانی قسە بکەم وە، لە راستیدا مەبەستی ئەم نوسینە کورتە ئاگادار کردنەوەی مێژو نوسی درەنگ راساوی 16ی گەلاوێژە بە ناوی سالار پاشایی.

ناو براو دوای سالێک لە روداوە مێژوییەکانی هاوینی رابوردو کە لە 16ی گەلاوێژدا بە لوتکەی خۆی گەیشت و لە مێژوی شورشگیرانەی کوردستان دا لە بەرزترین شوینی ئەم مێژوەدا سەپت بو وە بگرە چووە ناو مێژوی هاوچەرخەوە. یانی دوارۆژ هەر چاوەدێریکی بیانی و مێژوو نوسیکی واقع بین و بە ویژدان ناتوانێت لەم رواداوە چاو پۆشی بکات یا خود بە لارێی دا بەرێت بۆستراتژی کاتی و پاساوی کردەوەی ناشیانەو ئابرو بەر.

هەمو جەماوەری کوردستانی و ئیرانی کە بزوتنەوەی شۆرشگێرانەی کردستان دەناسن و رەوتی روداواەکانی شوین هەڵ دەگرن و بۆیان گرنگە، ئەوە باش دەزانن کە دوای ئەشکەنجە و ترور کردنی کاکە شوانەی قادری و هەڵ چونی نارەزایەتی و شۆرشی جەماوەری لە زۆربەی شارو ناوچە کانی کردستانی ئیران و دواتریش لە سەر بانگەوازی دروست وگونجاوی کۆمەلە لە 16ی گەلاوێژدا گشت کوردستان دەستی دایە مانگرتنێکی گشتی شارستانیانە کە لە هەمو چین و توێژەکانی کۆمەلگای کوردستان تێدا بەشدار بون. داواکانی ئەم مانگرتنە زۆر رون و سادە وە لە هەمان کاتدا بەر حەق و رادیکال و سیاسی بون.

هەرچەند زۆربەیان بە کردەوە دەر نەهاتون ، بەلام واش نە تەنها زەرەیەک لە راست ودروست بونی ویستی جەماوەری کورسدتان کەم ناکاتوە بگرم خۆی نەفسی مانگرتنە کە کە گشتی و یەکگرتوانە بو سەرکەوتنێکی گەورەی دەستە بەر کرد. بە لام ئەوە کە لە هەمو شتێک و نوسین ونەزەردانێک لەم رابتەدا بە لای منەوە سەیرە،ئەوەیە کە کەسێک بە ناو سالارپاشایی واقعەن" پاشایانە" و زۆر دور لە راستیەکان و پەرت لە مێژو دوای سالێک تێپەر بون بە سەر ئەم روداوەدا تا زە هۆش خۆی هاتوتەوە و زمانی کەوتوتە گۆو تاریخ نەخشانی دەکات.پرسیار ئەوەیە لە ناو براو،کە راستی ئەو کات،یەک سال لەمەوبەر و دروست سەردەمی ئاخێزە جەماوەریەکانی هاوینی رابوردو لە کام ئەشکەوتی قوتبی و سەهۆڵ بەندان دا سەر قالی خەوی ئەنقەست بویت و بە رانبەر بەم ئاخێزو باس و رەوتی روداوەکان وەهولی بە لا رێ دابردنی هاو قەتارانی خۆت پەسەند یا رەد نەدەکردەوە؟! بۆ تۆ تەنها نەفسی روداوەکە دەبینی وە لی زەمینەو چۆنیەتی و خولقانی 16 گەلاوێژ نابینی؟بۆ راست و رەوانە دێیت نوسراوەکەت بە 16 گەلاوێژ دەرازێنیتەوە، بگرە هەر 16ی گەلاوێژیشی بۆ دەکەیە ناوا؟

ئەگە بە ئەنقەست و بۆ مەبەست و بەرژەوەندی چوکەی گروپیتان نیەو ناتان هەوێت بیکەنە دەست مایە بۆ سەر مێزی ئە و قومارەی کە هەمو شانسەکانی ناو دەستانی لە رێوە چواندوە بۆ چیە؟ کا سالار نەزەری خۆیمان لە پەیوەندی لە گەڵ ئەساس و تاکتیک و سیاستی زاڵ بە سەر بانگەوازەکە و خۆلقاندنی ئەم حەماسەیە لە واها سەردەم و بارو دۆخێکدا کە کوردستان تێدا دەژی، لە لایەن کۆمەلگای کوردستان و کۆمەلەوە!نە" تاریخ نگاری" ئاوا دەبێت ونە دەرگاش بێ کلیل هەڵ دەگیرێت کاکی برا!

مێژو نوسەکەی ئیمە باسێک لە لاینە جوراوجۆرەکانی دەرگیرلەم روداوە دا ناکات و ناشلێ بۆ!؟ نالێ ئاخر مێژو خۆ دەبێت وەک هەوال و خەبەر بیگێریتەوە، نەک بیکەیتە مەعجونێک لە مەسلەحەت،قازانج پەرستی و تەحلیل وکینە توزی لە دیگەران. باشە تۆ ئەگەر لە گەل خۆت و خەلکی کوردستان راست

دەکەیتو دلسۆزی،کە من بە دوری دەزانم، بۆ باسی جەرەیانە ناسیونالیست و پرو ئەمریکیەکان ناکەیت کە لەو رۆژەدا لە کوێی ئەم روداو و تاریخە راوەستا بون و چیان دەنوسی و چیان لە راگەندنە گشتیەکانیان بۆ لە بار برد نی ئەم بزوتنەوەیە و چەواشە کردنی بلاو دەکردەوە!؟ ئاخر خۆ ئەمەش بەشێک لەو مێژوەیە کاکەلێ،تازە بەشێکی رەشی بەر چاویشە بۆ ئاگاداری جەنابتان. من بۆ کورتەی ئەم بەشە سەرنجت بۆ سایتی ئاشتی رادەکێشم.

من پێم وایە دۆزینەوەی راستیەکان بۆ کا سالاریش بە نیوەی ئەوە کە کاتی سەرفی هەلگوشینی میشکی کردوە بۆ چەواشە کردنی راستیەکان و ئاوەژو کردنەوەی روداوە مێژویەکان نە ئەوەندە کاتی دەویست نە هێند ئالۆزیشە. بەلام هەمومان باش دەزانین کێشەی ئەم تاجرە ناشیە هەلەشانە شتێکی ترە و ستراتژیەکەیان ئەم بەرکۆل و تویشوانەی لازمە.

"نوسەر" بەردەوام کە لە درێژەی "تاریخ نگاریە"کەیدا سەرەرای ئەوە کە چاکە بە سەر ئاوی حەمامەوە دەکات، هاوکات خۆشی دەکات بە وەکیل مدافعی گشتی و دەلی سەرەکی ترین داوا و ویستی خەلکی کوردستان دروست کردنی حکومەتی کوردیە!؟ سەیرە! بە چی شکل وە بە کام ستراتژیە ئاوی ئەو کرێکارە کوردە کە هەر ئا ئێستاکە لە کورەپەزخانە کانی گوڵپایەگان و شاروچکەی گوگرد بۆ زیاد کردنی حەق دەستەکانین کە لە بەرابەر هەر 1000 خشت دا 1650 تمنیان پێ دەدرێت بۆ گەیاندن بە سەقفی لانی کەمی 2000 تمن و بیمەی نەخۆشی کە رۆژانە لە بەر گەرمای بالای 40 دەرەجە زیاتر لە 12 ساعات کار دەکەن، هاوکات منالە ساواکانیان و پیرو پەک کەوتوەکانیان لە گەلیان هەر بەینا بەین گیان دەدەن و دەبنە قوربانی چاو چنوکی و سود پەرستی سەرمایەداران و حاکمان و کارفەرما دل رەقەکان دەستیان داوەتە مانگرتن و دەستیان لە کار کێشاوەتەوە، لە گەل ئاوی بەها ئەدەبەکان و هاوبیرەکانی کا سالارو هاوبەرژەوەندیە ئەمریکیەکان و... بە جۆگێک دا ئەروات؟ کەی ویست و بەرژەوەندی ژنانی کۆیلەی دەستی کۆمەلگای پیاوسالاری ئیسلام زەدەی سەرمایە پەرستان، لە گەل ستراتژی و منافعی چەوسێنەرانی گشت بەشەریەت و فمنیستە لیبرال و ئیسلامیەکان لێکیش نزیک دەبنەوە تا یەک بون؟ نا ئەسلەن مێژو وە رەوتی روداواکان ئەو راستیەی لە مەحەک داوە کە رێگای ئەم دو ستراتژی و بەرژەوەندیە وەک دو هێلی موازی وان کە قەت بە یەک ناگەن.

لە شوێنیکی تر داوا لە"دل سۆزان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی" دەکات کە بە "ستراتژیەکی گونجاو"(مەبەستی یەک ستراتژیە) کە بۆ رابەری هەنگاو بە هەنگاو وە بۆ بە سرکەوەتن گەیاندنی ئەم بزوتنەوەیە خۆیان تەیار بکەن!!

پێشمان نالێت ئەم دلسوز و لایەنە سیاسیە کوردیانە، کە دیارە روی قسەی لە کێیە، بۆ لە 16ی گەلاوێژ دا یا زمانیان نەگەرا یا ئەگەریش گەرا بە خواری گەرا.بەلام قسەی ئەمرۆی رو بە ئەم "دلسۆزانە" چاو نوقاندن و زمان گریدانە، نەک هەر ناو براو، بەلکو هەمو ئەوانەی وەک ناو براو بیر دەکەنەوە.

راستی لێرەدا پرسیاری گرینگ ئەوەیە، کە راستیەکان چین و کێشەی ئەم کەس و گروپە فرسەت تەلە ب و نان بە نرخی رۆژ خۆرانە لە چی دایە و چیە؟ بیگومان جوابەکە رونە و سادە.

هەر وک لە سەرەوەش ئاماژەم پێ دا جیاوازی زۆری ستراتژی و قازانج و بەرژەوەندی ئەم هەل پرست و تاجرە وەرشکستانەی گۆرەپانی ناو بازنەی پلان وستراتژیەکانی ئیمپریالیستی هاری دل رەق جوابی هەمو ئەم سەفاو مەروا کردنەیە. ئەم نوسراوەو کردەوەی ئەو ساو ئێستێشیان کە لێوالێوە لە تەناقوز و سەر لێ شیواوی سیاسی و کێشەگەلی رەوانیە.ناکرێت رۆژێک شیر و تیران بسویت لە شتێک و رۆژی دواتر بێ هیچ تەوزیعێک و رون کردنە وە داوای لێ بوردن لە بیرو رای گشتی دە ورو بەر دەست بکەیتە ملی و ماچ بارانی بکەیت.

**بەلام مەحەک و تاقیگای هەر کردەوە و ئەفکارێک  پرۆسەی ئاژوانی چەرخی مێژوە. و قەزاوەتیش دەداتە دەست بیرورای مونسیفی گشتی کۆمەلگا.**

10.8.2006